# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ژمارە ٣
# کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩- ئۆستراليا

هەڵسووڕاوانی کەمپەینەکەمان بە مەبەستی شیکردنەوەی دووبارەی ئامانجەکانی ئەم کەمپەینە، پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کارەکان و دیاریکردنی هەوڵەکانی داهاتوو و هەروەها بۆ پتەوترکردنی پێوەندی یەکانی خۆی لە ناو کۆمەڵگای کوردی دانیشتووی شاری سیدنی، کۆبوونەوەیێکی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان ڕێکخست.

لەم کۆبوونەوەدا کە لە شەوی ٢٠٠٩/٥/٣٠ دا بەڕێوە چوو سەرەتا هەلوومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و بە تایبەت لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا خرایە بەرباس و گرینگی و بنەمای مادی ئەم کەمپەینە ڕوون کرایەوە. لە سەر ئەم بنەمایە دیسانەوە بە کورتی ڕەوتی پێکهێنان، بەیاننامە و ڕاگەیاندنی دەستبەکاربوونی کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩- ئۆستراليا ڕوونکرایەوە.

لە بەشێکی تری ئەم کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتی چالاکییەکانی کەمپەینەکە درایەوە بە ئامادەبوان کە بریتی بوو لە:

- کۆبوونەوە سەرەتایی یەکان بۆ ڕێکخستنی کەمپەینەکە
- ڕاگەیاندنی کەمپەینەکە
- کۆبوونەوە لەگەل Laurie Ferguson لۆری فێرگوسن ئەندامی پەرلەمانی فیدرالی ئوستراليا
- ئەنجامدانی دوو وتوویژی ڕادیۆیی
- بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنە میدیایی یەکان
- پێوەندیگرتن لەگەل چالاکانی ئەم بوارە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ دابین کردنی تۆڕێکی کاریی و پێوەندیگرتن و گۆڕینەوەی ئەزموونەکان
- ئامادەکاری بۆ پێوەندی و کۆبوونەوەی تر لەگەڵ ئەندامانی پاڕلەمان لە ئۆستراليا
- ئامادەکاری بۆ وتوویژ لەگەڵ میدیاکانی ناوەوە و دەرەوە بو ناساندی زیاتری کەمپەینەکەمان و بەڕێوەبردنی کەمپەینێکی میدیایی لە پاڵ کارەکانی تردا
- ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی سمینار لە شاری سیدنی

هەروەک ئاماژەی پێکرا لەم بەشەدا ئەرکەکانی داهاتوویش بە کورتی خرایە بەرباس و ڕاگۆڕینەوە.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەدا بەشداربوان بە گشتی پشتیوانی خۆیان بۆ ئامانجەکان و کارەکانی کەمپەینەکە ڕاگەیاند و پێشنیار، پرسیار، نیگەرانی و ڕخنەکانی خۆیانیان خستە ڕوو و باسیان کرد.

٢٠٠٩/٥/٣٠

**کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩- ئۆستراليا**

پەیوەندی: +61 -412022440 +61 -421170966 etm.aust٢٠٠٩@gmail.com

## دیداری وەفدی (( کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستاندا ٢٠٠٩ - ئوستراليا ))
## لەگەڵ جوولی ئۆوینز Julie Owens ئەندامی پەرلەمانی فیدرالی ئوستراليا
## ( ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ٤ )



بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ئەندامانی پەرلەمانی فیدرالی و ویلایەتەکانی ئوستراليا بۆ بایەخدان بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و پێویستی بەڕێوەبردنی بەشێوازێکی مۆدرێن شەفاف و کردنی پەرلەمان بە دەزگایەکی کارا و خاوەن بڕیار لە کوردستاندا وەفدێکی (( کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لە کوردستان ٢٠٠٩ – ئوستراليا )) کە پێکهاتبوو لە : عدنان کەریم ، سەربەست فەتاح و مەنسوور ڕەزاقی ڕۆژی ١٠ / ٦/ ٢٠٠٩ چاویان کەوت بە خانم جوولی ئۆوینز ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری ناوچەی پاراماتا Parramatta لەپەرلەمانی فیدرالی ئوستراليا .

سەرەتا وەفدەکە بەتێر و تەسەلی باسی بارودۆخی سیاسی پڕ لەئاڵوگۆڕی کوردستانیان کرد. هەر لەو چوارچێوەیەدا باس لە هەڵبژاردنی ئەمساڵ و تایبەتمەندی ئەم خولەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا کرا .

نوێنەرانی کەمپەین ، بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر زنجیرەی پێشێلکاری پرەنسیپە دیموکراتیەکان و کۆنترۆڵکردنی دام و دەزگاکانی دەسەڵات لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانەوە فایلێک دۆکیۆمێنتی ڕێکخراوە سەربەخۆ ناوخۆیی و جیهانیەکان و بەڵگەنامەی میدیاییان پێشکەش بە خانم جوولی ئۆوینز کرد.

لەدرێژەی قسەکانیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە خەڵکی کوردستان بەوهۆیەوە کە تینووی ئازادی و بەرپاکرنی سیستمێکی سیاسی و ئیداری مۆدرێنن و بەوهۆیەوە کە بەشی زۆری داهاتی وولاتەکەیان لەلایەن دەسەلاتی حکومەتی هەرێمەوە بە دوور لەپرەنسیپە یاساییەکان بۆ مەرامی ئەو هێزانە خەرج دەکرێت ، تینووی ئاڵوگۆڕ و بەرپاکردنی سیستمێکی ڕەوا و نوێن و بەوپەڕی هێزیانەوە خوازیاری گۆڕینی بارودۆخی ئێستان . ئەوەش وای کردووە کە بایەخدان بەم هەڵبژاردنە و ئومێد پێی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە لەئاستێکی بەرزدابێت.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە جەماوەری خەڵکی کوردستان نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان هەیە لە دەستێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە قۆناغە جیاجیاکانیدا بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتدارەتی ئێستای هەرێمەوە و هەر لە ئێستاشەوە چەندین پێشێلکاری لەبواری جوراوجۆردا لەلایەن ڕێکخراوە و ئۆرگانە سەربەخۆکانەوە تۆمارکراو.

پاشان وەفدەکە داوایان لە جوولی ئۆوینز کرد کە چ لەڕێی پەرلەمانی فیدرالی ئوسترالیاوە یا لەلایەن حکومەتی ئەم وولاتەوە بایەخی زیاتر بەم مەسەلەیە بدەن . بەدیاریکراویش وەفدەکە داوایان کرد کە ئوستراليا هەوڵی جدی بدات بۆ ناردنی وەفدی چاودێر بۆسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بانگەوازکردنی دەسەڵاتدارەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی کەش و هەوای ئازادانە و بەرابەر و دیموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنە بەوپەڕی شەفافیەتەوە و بەتایبەتیش گوێ ڕایەڵی تەواو بۆ ویست و ڕای خەڵک و ئاکامی هەڵبژاردن بەو جۆرەی کە

سنووقەکانی دەنگدان دەری دەخەن و کۆمیسیۆن و لایەنە سەربەخۆ پەیوەندیدارەکان پشتیوانی دەکەن لە نەزاهەتی پرۆسەکە .

جوولی ئۆوینز ئەندامی پەرلەمانی فیدرال بایەخی تەواوی بە قسە و باسەکان دا و ڕای گەیاند کە ئەبێ بەهەمووومان کارێک بکەین کە ئەو داواکاریانە و ئومێدی خەڵک بەم پرۆسەیەی هەڵبژاردن ڕیزی لێ بگیرێت . هەر لەوبارەوە ووتی کە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ لۆری فێرگەسون Laurie Ferguson ئەندامی پەرلەمانی فیدرالی ئوسترالیا لە حیزبی Labor و بەرپرسی کاروباری چەند کەلتوری و ڕاژەی نیشتەجێبوون کە پێشتر لەگەڵ وەفدی کەمپەین قسە و باسی تەواوی بووە ، قسە ئەکات تا هەنگاوەکانیان یەک بخەن لەمبارەوە . جگە لەوەش ڕای گەیاند کە هەفتەی داهاتوو لە کانبیرای پایتەخت مەسەلەکە ئەگەیەنێت بە پەرلەمانی ئوستralیا و دواتریش لەهەموو ئەنجامەکانی ئاگادارتان دەکەینەوە.

لێرەشەوە بەپێویستی ئەزانین بانگەوازی هەموو لیست وکیانە سیاسیە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بکەین لەکوردستاندا کە بەبەڵگە و دۆکیۆمێنتەوە ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر سەرپێچی و پێشێلکاری و لادانێک لەیاساکانی هەڵبژاردن ، جا لەهەر لایەنێکەوە ڕوویدابێت ، تا ئێمەش بەپێی گفتێک کە داومانە بە دام و دەزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئێرە بەوانی بگەیەنین بۆ ئەوەی هەڵوێستی پێویست لەبارەیانەوە وەربگرن.

**کەمپەینی هەڵبژاردنێکی شەفاف لەکوردستاندا ٢٠٠٩ – ئوستralیا**